# بانگه واز

بە ڕێزان خۆشەوەیستان
سڵاوی سەربەخۆیي و ڕزگاری کوردستان

بەروار: 17 / 11 / 2004

بەرێزان
هەر وەک دەزانن بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەم هەڵبژاردنەی کە لە ئێراقدا دەکرێ بۆ پێکهێنانەوەی ئێراق و بەهێزکردنی، بێ ڕێزگرتن لە مافی گەلی کورد لە باشوری کوردستان بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی خۆی و بەیاسایي کردنی هەموو ئەو تاوانانەی کە ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی ئێراق ئەنجامیان داوە دژ بە گەلەکەمان.

شەقامی کوردستان لە بارودۆخێکی ناهەمواردایە بەرامبەر ئەم ڕوداوە و بانگەوازی حیزبە کوردستانیەکان بۆ بەشدارییبون و ترساندنی خەلک لە ئەگەری بەشداری نەکردنی لە هەڵبژاردن بە بێ ئەوەی هیچ مافێک بۆ کورد زامن بوبێت، وا دەکات لە ئێمەی ڕۆشنبیر و هۆشیاری کورد شایەتێکی نیگەتیف بین ئەگەر بێدەنگ بین بەرامبەر ئام تاوانە.

ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد لەم کاتە ناسکەدا زۆر گرنگە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی گەلەکەمان و شەقامی کوردی چاوەڕێی هەڵوێستی هوشیار و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری سەربەخۆخوازان دەکەن بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە.

بۆ تاوتوێ کردنی بۆچونی ڕۆشنبیران و چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ئێراق بەپێویستی ئەزانین کۆبونەوەیەکی فراوان بکرێت لە نێوان ڕۆشنبیران و هۆشیارانی سەربەخۆخوازی کوردستان لە ناوەو دەرەوەی کوردستان بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەو هەڵبژاردنە.

هەڵبەتە لەبەر کورتی کات و زەحمەتی کۆبونەوە لە وولاتێکی ئەوروپی یان لە کوردستان بە باشی دەزانین کە لەسەر ئینتەرنێت لە ژورێکی تایبەت لە Paltalk و بە بەشداری تەنها ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خەمخواری سەربەخۆیي و مافەکانی گەلی کوردستانن، کۆبونەوەیەک ساز بکەین و هەوڵ دەدەین هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کوردستان بەشداری بکەن تێدا ئەوانەی کە بواریان هەیە.

کۆبونەوەکە لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 22 / 11 / 2004 کاتژمێر 8 ی ئێوارە بە کاتی ناوەندی ئەوروپا ساز دەکرێ.
جا تکا لە بەرێزتان دەکەین ئەگەر پێتان دەکرێ بەشداری بکەن لەم کۆبونەوە بە E-mail ئاگادارمان بکەنەوە بە چ ناوێک دێنە ژورەوە بۆ ئەوەی بانگ بکرێن ژوورەکە.

یان ئەتوانن یەکێک لەم ناوانە (smko2 ، dler01) ئاد بکەن لای خۆتان و داوای invite بکەن.
هەڵبەتە وامان بە باش زانی کە کۆبونەوەکە داخراو و بەم شێوە بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتووتر دەبێت و تایبەتمەندی و چڕ و پڕی بابەتەکان و ڕێزی ئامادەبوان بپارێزرێت.

بۆ بەشداریکردن تکایە ئاگادارمان بکەن لە ڕێی ئەم e-mail ەوە
sekoy_gel@hotmail.com

دوباره سڵاوو ڕێزی بێ پایان بۆئێوەی بەڕێز
لە جیاتی دەستەی ئامادەکار
دلێر محەمەد عەلی
ژمارەی تەلەفۆن 0045 40509391

بابەتەکانی گفتوگۆ

1- تاوتوێکردنی هەلبژاردنی ئێراق ئ مەترسیەکانی لەسەر دوارۆژی کوردستان. ماوەی 1 کات.
2- پێشنیار بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ڕوداوە ئەوانەی داهاتوو. ماوەی 1.30 کات
3- پێشنیار بۆ بەرنامە و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی. ماوەی 1 کات.
4- هەنگاو و کۆبونەوەی داهاتوو.